مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

# أفعال الكلام في الدراما الكردية، دراما "كوهر وأخواتها" أنموذجاً

گەزنگ عبدالقادر عبدالله

قسم اللغة الكوردية، كلية التربية، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كوردستان، العراق

gezeng.abdulla@su.edu.krd

جيهان يوسف أحمد

قسم اللغة الكوردية، كلية التربية، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كوردستان، العراق

jihan.y.ahmed@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: أفعال الكلام، التداولية، الدراما الكردية، الحوار الدرامي، جون سيرل.

**كيفية اقتباس البحث**

عبدالله , گەزنگ عبدالقادر , جيهان يوسف أحمد , أفعال الكلام في الدراما الكردية، دراما "كوهر وأخواتها" أنموذجاً,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# أفعال الكلام في الدراما الكردية، دراما "كوهر وأخواتها" أنموذجاً

## Speech Acts in Kurdish Drama: A Case Study of "Gawhar and Her Sisters

Gezeng Abdulqadir Abdullah
Kurdish Department, college of education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
gezeng.abdulla@su.edu.krd

Jihan Yousif Ahmed
Kurdish Department, college of education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
jihan.y.ahmed@su.edu.krd

**Keywords** : Speech Acts, Pragmatics, Kurdish Drama, Dramatic Dialogue, John Searle.

**How To Cite This Article**
Abdullah , Gezeng Abdulqadir , Jihan Yousif Ahmed ,Speech Acts in Kurdish Drama: A Case Study of "Gawhar and Her Sisters ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## ملخص

أُجري هذا البحث تحت عنوان **(أفعال الكلام في الدراما الكردية: دراما "كوهر وأخواتها" أنموذجاً)**. يهدف البحث بشكل رئيسي إلى تحليل الحوار الدرامي من منظور علم التداوليات (البراغماتية) ونظرية أفعال الكلام لجون سيرل، لتوضيح كيف يتجاوز الكلام في النص الدرامي مستوى القول ليتحول إلى "فعل" وقصد محدد.

يتكون البحث من ثلاثة فصول رئيسية؛ **الفصل الأول**: خُصص للإطار العام للبحث. **الفصل الثاني**: يتناول الجانب النظري لمفهوم الدراما ونظرية أفعال الكلام وأنواعها. **الفصل الثالث**: وهو الجانب التطبيقي، حيث تم فيه إجراء تحليل لغوي لخمس حلقات مختارة (١، ٢، ١٣، ٢٤، ٢٥) من دراما (كوهر وأخواتها). وجاء اختيار هذه الحلقات بهدف تتبع تطور الأفعال اللغوية عبر ثلاث مراحل رئيسية (البداية، العقدة، والنهاية والحل).

اعتمدت منهجية البحث على المنهج **(الوصفي التحليلي)** للكشف عن المقاصد الخفية للشخصيات. وتوصل البحث إلى نتيجة مفادها أن اللغة في الدراما الكردية ليست مجرد نظام للإخبار، بل هي محرك أساسي تعمل فيه الكلمات كـ (تهديد، توسل، وعد، وقرار) لإعادة صياغة الصراعات الاجتماعية وتغيير الواقع الدرامي.

تتألف هذه الورقة من ثلاثة أقسام رئيسية، بالإضافة إلى عدد من الاستنتاجات والمصادر. يصف القسم الأول الإطار العام للدراسة، موضحًا أهميتها وأهدافها، وسبب اختيار الموضوع، وحدود الدراسة. أما القسم الثاني، فيُعنى بالجانب النظري، ويركز على مفهوم الدراما من منظور لغوي، وخصائص الدراما الكردية كسلوك اجتماعي لغوي. وفي القسم الثالث، وهو الجانب العملي للبحث، تم تحليل خمسة مسلسلات درامية مختارة (جوهرة وأخواتها)؛ حيث تم اختيار بداية المسلسل ووسطه ونهايته كأمثلة على تطور الأفعال والتغيرات اللغوية. في هذا القسم، تم تضمين العينات الرئيسية فقط، بينما تم إرفاق جميع العينات الأخرى التي تم تحليلها بالدراسة باستخدام رمز شريطي، وإدراجها في قائمة المراجع. وأخيرًا، تم إدراج أهم نتائج الدراسة وقائمة المراجع.

Abstract

This research is conducted under the title (Speech Acts in Kurdish Drama: A Case Study of "Gawhar and Her Sisters). The primary objective of the study is to analyze dramatic dialogue through the lens of Pragmatics and John Searle's Speech Act Theory, to demonstrate how language in dramatic texts transcends mere utterance to become an "action" with a specific intention.

The research consists of three main chapters: Chapter One is dedicated to the general framework of the study. Chapter Two covers the theoretical framework of the concept of drama and speech act theory and its classifications. Chapter Three represents the practical side of the research, featuring a linguistic analysis of five selected episodes (1, 2, 13, 24, 25) from the drama (Gawhar and Her Sisters). These episodes were selected to monitor the progression of speech acts through three main stages (Introduction, Climax/Middle, and Conclusion/Resolution).

The methodology of this research is based on the (Descriptive-Analytical) approach to uncover the hidden intentions of the characters. The study concludes that language in Kurdish drama is not merely an informative system, but a fundamental driver where words—such as (threats, pleas, promises, and decisions)—function to reshape social conflicts and alter the dramatic reality.

This paper consists of three main sections and a number of conclusions and sources. In the first section, the overall framework of the study is described, in which the importance and objectives, the reason for choosing the topic and the limitations of the study are defined. The second part is devoted to the theoretical aspect, which focuses on the concept of drama from a linguistic point of view and the characteristics of Kurdish drama as a socio-linguistic behavior. In the third part, which is the practical aspect of the

research, five selected drama series (Jewel and Her Sisters) are analyzed; The beginning, middle and end of the drama are taken as examples of the development of linguistic actions and changes. The force of purpose. In this section, only the main samples are included, while all other analyzed samples are attached to the study by barcode and listed in the references. Finally, the most important results of the study and the list of references are listed.

## کردەقسەییەکان لە درامای کوردیدا، درامای (گەوهەر و خوشکەکانی) بە نموونە

**گەزەنگ عەبدولقادر عەبدوڵلا**
**بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستانی -عێراق.**
gezeng.abdulla@su.edu.krd

**جيهان يوسف أحمد**
**بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستانی- عێراق**
jihan.y.ahmed@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی **(کردە قسەییەکان لە درامای کوردیدا، درامای گەوهەر و خوشکەکانی بە نموونە)** ئەنجام دراوە. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە شیکردنەوەی دیالۆگی درامی لە ڕوانگەی زانستی پراگماتیک و تیۆری کردە قسەییەکانی جۆن سێرل، تاوەکو دەربکەوێت چۆن زمان لە ناو دەقی درامیدا لە ئاستی گوتن دەردەچێت و دەبێتە کردار و مەبەستێکی دیاریکراو.

توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە؛ **بەشی یەکەم:** تەرخان کراوە بۆ چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە .**بەشی دووەم:** لایەنی تیۆریی چەمکی دراما و تیۆری کردە قسەییەکان و جۆرەکانی لە خۆ دەگرێت .**بەشی سێیەم:** کە لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکەیە، تێیدا شیکردنەوەی زمانەوانی بۆ پێنج زنجیرەی هەڵبژێردراو (١، ٢، ١٣، ٢٤، ٢٥) لە درامای (گەوهەر و خوشکەکانی) کراوە. هەڵبژاردنی ئەم زنجیرانە بە مەبەستی چاودێریکردنی پەرەسەندنی کردە زمانییەکان بووە لە سێ قۆناغی سەرەکی (دەستپێک، گرێ و ناوەڕاست، کۆتایی و چارەسەر).

میتۆدی کارکردن لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە ڕێبازی (وەسفی-شیکاری) بەستووە بۆ دەرخستنی مەبەستە شاردراوەکانی کارەکتەرەکان. توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە زمان لە درامای کوردیدا تەنها سیستمێکی هەواڵدان نییە، بەڵکو بزوێنەرێکی سەرەکییە کە تێیدا وشەکان وەک (هەڕەشە، تکا، بەڵێن، و بڕیار) کار دەکەن بۆ داڕشتنەوەی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕینی واقیعی ناو دراماکە.

کلیلە وشە: کردە قسەییەکان، پراگماتیک، درامای کوردی، دیالۆگی درامی، جۆن سێرل

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

١-١- **پێشەکی**: زمان تەنها ئامرازی گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو بزوێنەرێکی داینامیکییە بۆ داڕشتنی ڕەفتار و پەیوەندییە مرۆییەکان. زمانەوانیی هاوچەرخ لە ڕێگەی . پراگماتیکەوە وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینی، کە تێیدا جەخت لەسەر مەبەست و کاریگەریی زمان دەکرێتەوە. تیۆری .

کردە قسەییەکان. کە لەسەر دەستی (ئۆستن و سێرل) پەرەی سەند، ئەو ڕاستییەی چەسپاند، کە گوتن هەر خۆی جۆرێکە لە کردن. دراماش وەک هونەرێکی لاساییکەرەوەی ژیانی مرۆڤ، لە بنەڕەتدا لەسەر کردە بونیاد نراوە؛ بۆیە دیالۆگی درامی تەنها چیرۆک ناگێڕێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی ململانێ و بڕیارەکانەوە واقیعێکی نوێ بونیاد دەنێت. لێرەوە، پەیوەندیی نێوان دراما و کردە قسەییەکان دەبێتە پەیوەندییەکی جەوهەری، چونکە زمان لە دەق درامیدا لە دۆخێکی کارلێکی زیندوودایە و هەر دەربڕینێک ئامانجێکی کردەیی لە پشتە. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکە بۆ پراکتیزەکردنی ئەم تیۆرییە لەسەر درامای (گەوهەر و خوشکەکانی) وەک نموونەیەکی ڕەسەنی زمانی و کۆمەڵایەتیی کوردی، تاوەکو هێزی وشە وەک بزوێنەری سەرەکی لە داڕشتنەوەی ململانێ مرۆییەکاندا دەربخات.

**١-٢- گرنگیی توێژینەوەکە:** گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا کورت دەبێتەوە، کە هەوڵ دەدات پردێک لە نێوان زانستی زمانی (پراگماتیک) و هونەری درامای کوردیدا دروست بکات.

گرنگییەکەی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- ٢-١- پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دیالۆگی درامی لە ڕوانگەی زمان وەک کردار، نەک تەنها وەک گێڕانەوە.
- ٢-٢- دەستنیشانکردنی ئەو ستراتیژە زمانییانەی کە تاکی کورد لە کاتی ململانێ، تکا، یان بڕیارداندا بەکاریان دەهێنێت.
- ٢-٣- کەمبوونی توێژینەوەی زمانەوانیی پراکتیکی لەسەر دەقە بینراوەکانی وەک دراما، کە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە.

**٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە کار بۆ پێکانی ئەم ئامانجانە دەکات:

- ٣-١- پۆلێنکردنی کردە قسەییەکان لە درامای (گەوهەر و خوشکەکانی) بەپێی تیۆرییەکەی جۆن سێرل.
- ٣-٢- دەرخستنی جیاوازیی نێوان . واتای ڕواڵەتی و مەبەستی شاردراوە. لە دیالۆگی کارەکتەرە کوردەکاندا.
- ٣-٣- شیکردنەوەی ئەوەی کە چۆن، دەوروبەر یان کۆنتێکست، واتا و جۆری کردە قسەییەکان دەگۆڕێت.
- ٣-٤- چاودێریکردنی گۆڕانکاریی کردە زمانییەکان لە سەرەتای دراماکەوە (کە زۆربەی نواندن و ئاراستەکردنە) تا کۆتایی دراماکە (کە دەبێتە بڕیار و ڕاگەیاندن).

**٤- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆکاری هەڵبژاردنی درامای (گەوهەر و خوشکەکان)ی دەگەڕێتەوە بۆ:

- ٤-١- ئەم درامایە بە زمانێکی کوردیی ڕەسەن و پڕ لە ئیدیۆم، سوێند و دەربڕینی سۆزداری نووسراوە، کە کەرەستەیەکی زۆر باشە بۆ توێژینەوەی پراگماتیکی.
- ٤-٢- دراماکە ململانێیەکی توندی خێزانی و کۆمەڵایەتی نیشان دەدات، کە تێیدا زمان وەک چەکێک بۆ سەپاندنی دەسەڵات یان پاراستنی شەرەف و بەهاکان بەکاردێت.

٤-٣- ئەم درامایە یەکێکە لە کارە سەرکەوتووەکانی کوردستان و بینەرێکی زۆری هەبووە، بۆیە شیکردنەوەی زمانەکەی گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

٥- **رێبازی توێژینەوە:** لە گەیشتن بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، پەنا براوەتە بەر **رێبازی (وەسفی-شیکاری)**. ئەم رێبازە لایەنی تیۆریی کردە قسەییەکان وەسف دەکات و دواتر بە شێوەیەکی زانستی شیکردنەوە بۆ دەقە هەڵبژێردراوەکان (Content Analysis) دەکات، تاوەکو جۆری کردەکان و هێزی مەبەست لە پشت وشەکانەوە ئاشکرا بکات.

٦- **سنووری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ئەم سنوورانەی خوارەوەدا ئەنجام دراوە:

٦-١- **سنووری بابەتی :**تەنها شیکردنەوەی . کردە قسەییەکان. بەپێی پێوەرەکانی جۆن سێرل لە ناو دیالۆگەکاندا **کەرەستەی توێژینەوەکەش** زنجیرە ئەڵقەکانی (١، ٢، ١٣، ٢٤، ٢٥) لە درامای (گەوهەر و خوشکەکانی).

٧- **ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی و کۆمەڵێک ئەنجام و سەرچاوە پێکدێت. لە **بەشی یەکەمدا،** باس لە چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە کراوە، کە تێیدا گرنگی و ئامانجەکان، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە و سنوورەکانی توێژینەوەکە دیاری کراون. **بەشی دووەم** تەرخان کراوە بۆ لایەنی تیۆری، کە تێیدا تیشک خراوەتە سەر چەمکی دراما لە روانگەی زمانەوانییەوە و تایبەتمەندییەکانی درامای کوردی وەک رەفتارێکی زمانی-کۆمەڵایەتی باسکراوە، پاشان وردەکارییەکانی تیۆری کردە قسەییەکان لای جۆن سێرل و شێوازی پۆلێنکردنی کردەکان بۆ (راستەوخۆ و ناراستەوخۆ) و پێنج جۆرە سەرەکییەکەی کردە قسەییەکان روون کراوەتەوە. لە **بەشی سێیەمدا،** کە لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکەیە، شیکردنەوە بۆ پێنج زنجیرەی هەڵبژێردراوی درامای (گەوهەر و خوشکەکانی) کراوە؛ بە شێوەیەک کە ئەڵقەکانی سەرەتا، ناوەراست و کۆتایی دراماکە وەک نموونە وەرگیراون تا پەرەسەندنی کردە زمانییەکان و گۆڕانی . هێزی مەبەست. لە ناو ململانێکاندا دەستنیشان بکرێت، لەم بەشەدا تەنها نموونە سەرەکییەکان وەرگیراون، لە کاتێکدا تەواوی نموونە شیکراوەکانی تر لە رێگەی بارکۆدێکەوە هاوپێچی توێژینەوەکە کراوە و لە لیستی سەرچاوەکان دانراوە، لە کۆتاییشدا، گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان دانراون.

## - بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### ٢-١- شیکردنەوەیەکی زمانەوانی بۆ چەمکی و مێژووی دراما:

دراما لە کرۆکی مێژوویی و زاراوەی خۆیدا، وەک بوارێکی زیندووی کارلێکی مرۆیی دەردەکەوێت، کە تێیدا زمان تەنها ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی چیرۆک، بەڵکو خودی کردارەکەیە. وشەی دراما (Drama) کە لە رەگێکی یۆنانییەوە (Dran) هاتووە و بە واتای کردن یان ئەنجامدان دێت، ئاماژەیەکی راشکاوە بۆ ئەوەی، کە ئەم هونەرە لە بنەڕەتدا لەسەر کردە بونیاد نراوە. ئەرستۆ لە پێناسە کلاسیکییەکەیدا بۆ

دراما، جەخت لەسەر چەمکی لاساییکردنەوەی کردە (Mimesis) دەکاتەوە و پێیوایە دراما وێناکردنی مرۆڤەکانە لە کاتی ئەنجامدانی کارەوە .(Aristotle, 1996: 12)ئەم کارانە لە درامادا بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی زمان و دیالۆگەوە بەرجەستە دەبێت؛ بۆیە دراما لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە بە هونەری قسەکردن یان زمانی نواندن دادەنرێت.

پەیوەندی نێوان دراما و زمان، پەیوەندییەکی جەوهەری و بنچینەییە؛ چونکە دراما جۆرێکی ئەدەبە، کە تێیدا زمان لە دۆخێکی زیندوو و کارلێکەردایە. زمان لە دەقی درامیدا تەنها ئەرکی هەواڵدان (Informative function) نابینێت، بەڵکو بەپێی تیۆرییەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، ئەرکێکی کارلێکی (Interactional function)و هاندەرانە (Conative function) دەبینێت، کە ئامانجی دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر وەرگر .(Halliday, 1973: 24) لەم سۆنگەیەوە، دیالۆگی درامی لە وەسفکردنی واقیعەوە دەگۆڕێت بۆ داڕشتنەوەی واقیع؛ واتە کارەکتەرەکان لە ڕێگەی زمانەوە ململانێ دەکەن، دەسەڵات دەسەپێنن، یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان سەرلەنوێ ڕێکدەخەنەوە.

لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، دراما وەک سیستمێکی ئاڵۆزی پەیوەندی و کارلێکی زمانی دەبینرێت، کە تێیدا زمان لە ژێر کاریگەریی دەوروبەری قسەکردندا واتا پەیدا دەکات.(Elam, 1980: 139) چونکە دەروبەر ئەو ڕەگەزانە لەخۆ دەگرێت، کەڕۆڵیان هەیە لەدیاریکردن و ڕوونکردنەوەی و ڕاڤەکردنی واتا و مەبەستدا(عمر، ٢٠١٣: ٣). بۆیە زمانەوانەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە دیالۆگی درامی تەنها کۆمەڵێک ڕستە نییە، بەڵکو زنجیرەیەک لە کردە قسەییەکانە، کە تێیدا مەبەستی شاردراوەی کارەکتەرەکان لە پشت وشەکانەوەیە .(Pratt, 1977: 86) ئەمەش وا دەکات دراما ببێتە دەقێکی پراکتیکی، چونکە تێیدا زمان تەنها بۆ گوزارشتکردن لە بیرۆکەکان نییە، بەڵکو وەک یاکۆب مەی ئاماژەی پێدەدات، بۆ گۆڕینی هەڵوێستەکان و ئەنجامدانی کارە .(Mey, 2001: 214) بەم جۆرە، زمان دەبێتە بڕبڕەی پشتی دراما، کە وەک بزوێنەرێکی داینامیکی کار دەکات و ڕووداوەکان لە گوتنەوە بەرەو کردن ئاراستە دەکات و واقیعی کار لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیدا ئاوێتە دەکات، بە شێوەیەک کە هەر دەربڕینێکی زمانی دەبێتە هەڵوێستێکی کردەیی بەرجەستە (Serpieri, 1978: 24) کە تێیدا وشەکان تەنها دەنگ نین، بەڵکو بڕیار و هەڵوێستە کاریگەرەکانن، کە ژیان و ململانێ مرۆییەکان سەرلەنوێ دادەڕێژنەوە.

## ٢-٢- درامای کوردی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ڕەفتارێکی زمانی-کۆمەڵایەتی:

درامای کوردی لە ڕەوتە مێژووییەکەیدا، وەک سەکۆیەکی زیندوو بۆ نمایشکردنی شوناسی نەتەوەیی و گوزارشتکردن لە ویژدانی بەکۆمەڵی تاکی کورد دەرکەوتووە. زمان لەم بوارەدا تەنها ئامرازی گێڕانەوە نییە، بەڵکو ئەرشیفێکی زمانییە، کە تێیدا وردەکارییەکانی بەها کولتوورییەکان، نەریتە ڕەسەنەکان و تێڕوانینی قووڵی تاکی کورد بۆ ژیان و گەردوون تۆمار دەکرێن. دیالۆگی درامی لە کوردستاندا، ڕەنگدانەوەی ئەو کۆدە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییانەیە، کە تاک لەسەری پەروەردە بووە؛ لێرەدا زمان دەبێتە کەرەستەیەک بۆ نیشاندانی ململانێی نێوان ڕەسەنایەتیی نەریت و داخوازییەکانی مۆدێرنیتە، کە تێیدا کارەکتەرەکان لە ڕێگەی ستراتیژییەکانی ئاخاوتنەوە هەوڵی پاراستنی شوناسی کولتووری یان داڕشتنەوەی بەها پەروەردەییەکان دەدەن (قەرەداغی، ٢٠١٠: ٤٥).

تایبەتمەندییەکی جەوهەریی درامای کوردی، گواستنەوەی سیستەمی پەروەردە و ئاینە بۆ ناو جەرگەی دیالۆگەکان. زمان لێرەدا وەک پارێزەرێکی بەها ئایینی و ئەخلاقییەکان دەردەکەوێت، کە تێیدا سوێندخواردن، دوعا، و ئامۆژگاریی باوکانە وەک کردەی قسەیی کاریگەر بەکاردێن بۆ ڕێکخستنی

ڕەفتاری تاک لە ناو خێزاندا. دراما جەخت لەسەر ئەو بەها پەروەردەییانە دەکاتەوە، کە تاکی کورد پێی دەناسرێتەوە، وەک ڕێزگرتن لە گەورە، پاراستنی شەرەف و بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکان. لەم چوارچێوەیەدا، پەنابردن بۆ کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان تەنها تەکنیکێکی هونەری نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو ژیرییە زمانییەیە، کە لە کولتووری کوردیدا هەیە بۆ پاراستنی ڕێزی ئایینی و کۆمەڵایەتی، تاوەکو پەیوەندییەکان لە توندوتیژیی ڕاستەوخۆ بپارێزرێن.
بەم جۆرە، درامای کوردی لە قۆناغی تەنها نواندنەوە گواستراوەتەوە بۆ قۆناغی بەجەستەکردنی ژیان، کە تێیدا تێڕوانینی تاکی کورد بۆ چەمکەکانی وەک (وەفا، قوربانی، و دادپەروەری) لە ڕێگەی بونیادی گوتارەوە بەرجەستە دەکرێن. ئەم شێوازە لە کارلێکی زمانی نیشانەی ئەوەیە، کە دراما توانیویەتی ببێتە ئاوێنەیەکی ڕاستگۆ بۆ نیشاندانی وردترین گۆڕانکارییەکانی ناو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان (Mey, 2001: 120).لێرەدا زمان لە ئەرکە ڕاگەیاندنە سادەکەیەوە دەگۆڕێت بۆ ڕەفتارێکی پەروەردەیی-ئایینی، کە تێیدا کارەکتەرەکان لە ڕێگەی هێزی مەبەستەوە، نەک تەنها ململانێ دەکەن، بەڵکو بەها ئەخلاقییەکان سەرلەنوێ لە ناو ویژدانی بینەردا بونیاد دەنێنەوە. لە ئەنجامدا، دیالۆگی درامی دەبێتە ئەو بزوێنەرە جەوهەرییەی کە هەموو ڕەهەندە ئایینی، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی کورد بەیەکەوە گرێ دەدات و هەر دەربڕینێکیش دەبێتە ئاماژەیەک بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی ژیانی تاکی کورد.

### ٢-٣- تیۆری کردەی قسەیی:

تیۆری کردەی قسەیی وەک وەرچەرخانێکی گرنگ لە فەلسەفەی زمان و زمانەوانیی هاوچەرخدا سەری هەڵدا، کە تێیدا جەخت لەسەر ئەرکە ڕەفتارییەکانی زمان دەکرێتەوە، کە لە بەکارهێنانی زمانیشدا تەنها دەرخستنی گوتراوە زمانییەکە نییە، بەڵکو بەڵکو ڕاپەراندنی کردەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە(عزیز، ٢٠١٤، ١١)ئەم تیۆرە لە بنەڕەتدا بۆ کارەکانی فەیلەسوفی بەریتانی (جۆن ئۆستن) دەگەڕێتەوە، کە تێیدا جیاوازییەکی بنەڕەتی کرد لە نێوان ئەو دەربڕینانەی وەسفی واقیع دەکەن و ئەوانەی بە تەنها گوتنیان کارێک ڕادەپەڕێنرێت و واقیعەکە دەگۆڕن (Austin, 1962: 6). ئۆستن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پرۆسەیە، سێ ئاستی سەرەکیی بۆ هەر کردەیەکی زمانی دیاری کرد، کە یەکەم:(کردەی دەربڕین)ە، بریتین لە خودی گوتنی ڕستەکە، دووەم:(کردەی مەبەست)ە ئەو مەبەست و هێزەی لە پشت قسەکەوەیە یان ئەرکی کوتن دەگرێتەوە، کە نێرەر دەیەوێت، چی بە وەرگر بگەیەنێت(سەعید، عەساف، ٢٠٢٣، ٢٠٨)، سێیەم: (کردەی کاریگەری)ە، ئەو دەرەنجام و کاریگەریانەیە کە قسەکەر لەسەر وەرگر دروستی دەکات (Yule, 1996: 48).

دوابەدوای ئۆستن، (جۆن سێرل) لە تیۆرەکەیدا وەك خویندکارێك دەرکەوت، کە کاریگەری (ئۆستن)ی مامۆستای بەسەرەوە دیارە (مستەفا، ٢٠١٩: ٣٩)بە شێوەیەکی گشتی تیۆرەکەی دووبارە پەرەپێدا و ڕێکیخستەوە چونکە بەبڕوای (سێرڵ) ئۆستن نەیتوانی بە شیوەیەکی ورد پۆلینی کردەکان بکات بۆیە پۆلێنیکی تری خستەڕوو(مەحمود، ٢٠٠٩: ٤٣) بۆ ئەوەی ببێتە زانستێکی پراگماتیکی ورد، بە جۆرێک، کە یەکەی بنەڕەتیی پەیوەندیی زمانی لە وشە و ڕستەوە گۆڕی بۆ ئەنجامدانی کردەی دیاریکراو، کە لە ژێر سایەی کۆمەڵێک یاسای بنەڕەتیدا بەڕێوە دەچن (Searle, 1969: 22) . سێرل چەمکی ئاراستەی گونجاندنی وەک پێوەرێکی لۆژیکی داهێنا بۆ جیاکردنەوەی جۆری پەیوەندی نێوان زمان و جیهانی دەرەوە، کە تێیدا دەکرێت زمان شوێن واقیعی جیهان بکەوێت یان واقیعەکە ناچار بکات شوێن وشەکان بکەوێت و بگۆڕێت (المتوكل، ١٩٨٥: ٣٤). بەم پێیەی زمان لە سیستەمێکی نیشانەیی وەستاوەوە گۆڕا بۆ سیستمێکی دینامیکی، تیۆری کردەی قسەیی توانی ئەوە بسەلمێنێت، کە ئاخاوتن تەنها گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو زنجیرەیەک کردەی مەبەستدارە، کە واقیعە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان بونیاد دەنێن و گۆڕانکاریی ڕاستەقینە لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا دروست دەکەن.

**٢-٤- پۆلێنكردنی كردە قسەییەكان لای جۆن سێرڵ:**

جۆن سێرل وەک یەکێک لە دیارترین قوتابییەکانی ئۆستن، هەوڵیدا تیۆری کردە قسەییەکان لە چوارچێوەیەکی فەلسەفییەوە بگۆڕێت بۆ زانستێکی زمانەوانیی ڕێسا بۆ دارێژراو. سێرل پێیوایە هەر کردەیەکی قسەیی تەنها گوتنی وشە نییە، بەڵکو ئەنجامدانی جۆرێکی دیاریکراوە لە مەبەست کە بە کۆمەڵێک مەرج و یاسای توندی زمانەوانی دەورە دراوە (Searle, 1969: 22) سێرل بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە چۆنیەتی کارکردنی زمان، دوو جۆر پۆلێنکردنی بنەڕەتیی بۆ کردە قسەییەکان خستۆتەڕوو کردووە:

**٢-٤-١- پۆلێنکردن لەسەر بنەمای شێوازی دەربڕین:**

لەم ئاستەدا سێرل سەیری پەیوەندی نێوان بونیادی ڕێزمانی و مەبەستی قسەکەر دەکات. لێرەدا کردەکان دەبنە دوو جۆری سەرەکی:

١- **کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ:**

لەم ئاستەدا، جۆن سێرل جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کردەی ڕاستەوخۆ کاتێک بەرجەستە دەبێت، کە هاوتەریبییەکی ڕاستەقینە و یەکسان لە نێوان بونیادی ڕێزمانی (Syntactic Form) و ئەرکی پراگماتیکی (Pragmatic Function) ڕستەکەدا هەبێت. بەپێی بۆچونی سێرل، لەم بارودۆخەدا واتای ڕستەکە و مەبەستی قسەکەر تەواو یەک دەگرنەوە؛ واتە ((کردەیی گوتەیی=درکاندنی وشە و ڕستەکان+پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و ڕێزمانی))(مستەفا، ٢٠١٩: ٤٤) بەگشتی کاتێک قسەکەر ڕستەیەکی هەواڵی بۆ نواندن، پرسیاری بۆ پرسیارکردن، یان داخوازی بۆ فەرماندان بەکاردەهێنێت، کردەکە بە ڕاستەوخۆ هەژمار دەکرێت .(Searle, 1975: 62) لێرەدا، هێزی مەبەست بە شێوەیەکی ڕاشکاو لە ناو پێکهاتەی زمانەکەدا جێگیر کراوە، وەک ئەوەی قسەکەر ڕێسایەکی زمانیی ستاندارد بەکاربهێنێت بۆ گەیاندنی داواکارییەک بە بێ ئەوەی پێویستی بەلیکدانەوەی زیاتر هەبێت(Yule, 1996: 55) کاتێک ئەم مەرجانە دێنە دی، وەک لە نموونەی بەڵێن دەدەم هاوکاریت بکەم، زمان لە ئەرکە وەسفییەکەی دەردەچێت و دەبێتە ڕەفتارێکی یاسایی یان کۆمەڵایەتیی ئاشکرا، کە تێیدا واتای فەرهەنگیی وشەکان و مەبەستی قسەکەر بە تەواوی یەک دەگرنەوە و هیچ دەوروبەرێك بۆ لێکدانەوەی جیاواز یان گومان لە مەبەستەکە ناهێڵنەوە.

٢- **کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ:**

کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ وەک یەکێک لە ئاڵۆزترین و باوترین ڕەهەندەکانی پەیوەندیی زمانی دەردەکەوێت، کە تێیدا زمان لە سنووری واتای ڕواڵەتی دەردەچێت و کاتێک دێتە کایەوە، کە جۆرێک لە نەگونجانی نێوان پێکهاتەی ڕێزمانی (Form) و ئەرکی پەیوەندیکردندا (Function) هەبێت. واتە لە پشت فۆڕمە زمانییەکانەوە مەبەستی کردەکە دەگەیەنیت(ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٦٧)جۆن سێرل، وەک یەکێک لە پێشەنگانی ئەم بوارە، ئەم کردەیە بە ئەنجامدانی کردەیەکی مەبەستدار لە ڕێگەی ئەنجامدانی کردەیەکی ترەوە پێناسەی دەکات(Searle, 1975: 60) ، بەو واتایەی قسەکەر شێوازێکی زمانی بەکاردەهێنێت، کە بە ڕواڵەت بۆ مەبەستێکە، بەڵام لە جەوهەردا ئامانجی پێکانی مەبەستێکی ترە. سێرل جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لەم جۆرە کردانەدا واتا تەنها لە چوارچێوەی فەرهەنگیی وشەکاندا چڕ نابێتەوە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە دەوروبەر (Context)و توانستی پراگماتیکیی وەرگر بۆ تێگەیشتن لە مەبەستە شاراوەکان، کە لە چەندین شێوازی جیاوازدا بەرجەستە دەبێت؛ وەک داواکاری لە شێوەی هەواڵدان و ڕازیکردن (بۆ نموونە:

گوتنی 'تینوومە' بۆ داواکردنی ئاو)، فەرمان لە شێوەی پرسیارکردن لە توانستی جەستەیی (وەک: دەتوانیت دەنگت نزم بکەیتەوە؟)، یان سەرزەنشتکردن و ڕەخنەگرتن لە ڕێگەی وەسفکردنی بارودۆخێکی لۆژیکییەوە (وەک: ئەو دەرگایە کراوەیە!، یان ئایا دەزانی کاتژمێر چەندە؟). لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و زمانییەکەیدا، ئەم دیاردەیە وەک ستراتیژیی ڕێزگرتن (Politeness Strategy) دەبینرێت، کە وەک براون و لیڤینسن (Brown & Levinson) ئاماژەی بۆ دەکەن، ئامانجی سەرەکیی پاراستنی بەها کۆمەڵایەتییەکان، ڕێزگرتن و کەمکردنەوەی توندیی شێوازی فەرماندان یان داواکارییەکانە تاوەکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان درزیان تێ نەکەوێت (Brown & Levinson, 1987: 132). هەر ئەم تایبەتمەندییەشە وا دەکات کردەی ناڕاستەوخۆ ببێتە ئامرازێکی بنەڕەتی لەدراما و هەموو بوارە دیبلۆماسی و سیاسییەکاندا، هەروەها لە بواری ئەدەب و شیعردا ببێتە بزوێنەری جوانیی زمان و هاندەری خوێنەر بۆ تێڕامان و دۆزینەوەی مەبەستە قوڵەکان لە پشت پەردەی وشە سادەکانەوە؛ بەو پێیەی ئەم کردانە گرێدراوی لێهاتوویی زمانەوانی و کۆمەڵایەتین، ڕۆڵێکی جەوهەریان هەیە، لە دەوڵەمەندکردنی دیالۆگ و قووڵکردنەوەی واتا ئاماژەییەکان لە پرۆسەی ئاخاوتندا.

**٢-٤-٢-پۆلێنکردن لەسەر بنەمای مەبەستی بنەڕەتی و ناوەڕۆکی کارەکە:**

ئەم پۆلێنکردنە بە بنەمای سەرەکیی تیۆرەکەی سێرل دادەنرێت. ئەو پێوەرێکی لۆژیکی بەکارهێنا بە ناوی ئاراستەی گونجاندن، کە بریتییە لە چۆنیەتی پەیوەندی نێوان وشەکان و جیهانی دەرەوە؛ ئایا وشەکان شوێن جیهان دەکەون(Words-to-World) ، یان جیهانەکە دەبێت بگۆڕێت تا شوێن وشەکان بکەوێت (World-to-Words) (المتوكل، ١٩٨٥: ٣٤). لەسەر ئەم بنەمایە، سێرل کردە قسەییەکانی بۆ پێنج جۆری سەرەکی پۆلێن کرد، کە بریتین:

١- **کردەی نواندن:**

ئەم کردانە بریتین لە پابەندبوونی قسەکەر بە ڕاستی و دروستیی ئەو گوزارشتەی دەیڵێت. قسەکەر لێرەدا جیهان وەک خۆی وەسف دەکات و زانیاری یان بیروڕایەک لە بارەی واقیع دەردەبڕێت، وەک (باسکردن، بانگەشە، گوتنی ڕاستی، سکاڵاکردن) .(Searle, 1979: 12) ئاراستەی گونجاندن لێرەدا لە وشەوە بۆ جیهان(Words-to-World) ، واتە قسەکەر هەوڵدەدات وشەکانی بە جۆرێک دابڕێژێت کە لەگەڵ واقیعی جیهاندا بگونجێت. وەک ئەوەی کارەکتەرێک لە درامایەکدا بڵێت: ئێستا کاتژمێر هەشتی بەیانییە، کەواتە، ئەم کردانە پردی نێوان زمان و واقیعی دەرەوەن، کە تێیدا قسەکەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی وشەوە وێنەیەکی ڕاستگۆیانەی جیهان بکێشێت و گوزارشتەکانی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا یەکبخات.

٢- **کردەی ئاراستەکردن:**

لەم جۆرەدا قسەکەر هەوڵدەدات گوێگر ئاراستە بکات تاوەکو کارێک یان ڕەفتارێک لە داهاتوودا ئەنجام بدات. کردەکانی وەک (فەرمان، داواکاری، تکا، ئامۆژگاری، پێشنیاز) .(Mey, 2001: 120) ئاراستەی گونجاندن لێرەدا لە جیهانەوە بۆ وشە(World-to-Words) ، چونکە قسەکەر دەیەوێت واقیعی جیهان بگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ وشەکانی ئەودا بگونجێت. بۆ نموونە: ئەم نهێنییە لای خۆتان بپارێزن، ئەو لێرەدا هەوڵدەدات لە ڕێگەی زمانەوە ڕەفتاری ئەوان بگۆڕێت و واقیعێکی نوێ دروست بکات.

### ٣- کردەی پەیوەستبوون:

ئەم کردانە بریتین لەوەی کە قسەکەرەکە خۆی بە ئەنجامدانی کارێک لە داهاتوودا پابەند دەکات. جیاوازی ئەم جۆرە لەگەڵ ئاراستەکردن ئەوەیە، کە لێرەدا بکەری کردارەکە قسەکەر خۆیەتی نەک گوێگر (Levinson, 1983: 240) کردەکانی وەک (بەڵێندان، سوێندخواردن، هەڕەشەکردن، گرەوکردن) لێرەدا پۆلێن دەکرێن. ئاراستەی گونجاندن هاوشێوەی ئاراستەکردن لە جیهانەوە بۆ وشەیە، چونکە قسەکەر پابەند دەبێت بەوەی جیهان بگۆڕێت تا وەک ئەوەی لێ بێت کە لە وشەکانیدا هاتووە. نموونەی بەڵێن دەدەم ئاگام لە خوشکەکانم بێت(Searle, 1975: 355)

### ٤- کردەی هەستدەربڕین:

ئەم کردانە گوزارشت لە باری دەروونی و هەستە ناوەکییەکانی قسەکەر دەکەن بەرامبەر بارودۆخێکی دیاریکراو، وەک (سوپاسکردن، داوای لێبوردن، پیرۆزبایی، سەرەخۆشی) (البجاری، ٢٠١١: ٥٦). لەم جۆرەدا هیچ ئاراستەیەکی گونجاندن بوونی نییە، چونکە مەبەست گۆڕینی واقیع یان وەسفکردنی نییە، بەڵکو تەنها دەربڕینی هەستە. کاتێک کارەکتەرێک دەڵێت زۆر دڵگرانم بۆ ئەو ڕووداوە، ئەو تەنها پەردە لەسەر باری دەروونی خۆی لادەبات بێ ئەوەی بیەوێت گۆڕانکاری لە دەرەوەدا بکات.

### ٥- کردەی ڕاگەیاندن/بڕیاردان:

ئەمە کاریگەرترین و قوڵترین جۆری کردەی قسەییە، کە تێیدا گوتنی وشەکان و گۆڕانی واقیع لە یەک چرکەدا ڕوودەدەن. سێرل پێیوایە ئەم کردانە پێویستیان بە دەسەڵاتێکی دەرەکی یان دامەزراوەیی هەیە بۆ ئەوەی کاریگەر بن .(Searle, 1979: 18) وەک (مارەکردن، تەڵاقدان، ناونان، لەکار لادان). لێرەدا ئاراستەی گونجاندن دووسەرەیە، چونکە وشەکان هەم جیهانەکە دەگۆڕن و هەم دەبنە بەشێک لە واقیعی نوێی جیهانەکە. بۆ نموونە کاتێک دادوەرێک دەڵێت: تۆ بێتاوانیت، ئەوکەسە لەو چرکەیەوە لە باری تۆمەتبارەوە دەگۆڕێت بۆ باری ئازاد.

### بەشی سێیەم: چوارچێوەی پراکتیکی

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی پراکتیکی کردە قسەییەکان لە درامای (گەوهەر و خوشکەکانی). بەهۆی ئەوەی دراماکە لە (٢٥) زنجیرەی تەواو پێکدێت و شیکردنەوەی هەموو دیالۆگەکانی ناو ئەم زنجیرانە لە توانستی قەبارەی یەک توێژینەوەدا نییە و دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی زۆری زانیارییەکان، لێرەدا پەنامان بردووەتە بەر شێوازی (نموونەی هەڵبژێردراوی مەبەستدار). بۆ ئەم مەبەستە، دراماکەمان بۆ سێ قۆناغی سەرەکی دابەش کردووە و لە هەر قۆناغێک زنجیرەیەك یان دوو زنجیرە وەک نوێنەری گشتی وەرگیراوە:

1. قۆناغی دەستپێکردن (زنجیرەی ١ و ٢) :ئەم دوو زنجیرەیە وەک دەروازەیەک بۆ چوونە ناو جیهانی دراماکە هەڵبژێردراون. لێرەدا کردە قسەییەکان زیاتر لە چوارچێوەی ناساندنی کارەکتەرەکان، گواستنەوەی زانیاریی سەرەتایی و نیشاندانی یەکەمین نیشانەکانی ململانێدایە.
2. قۆناغی ناوەڕاست یان کرۆکی دراما (زنجیرەی ١٣) :ناوەڕاستی دراما وەک (گرێ)ی سەرەکیی ڕووداوەکان دەردەکەوێت. لێرەدا کێشەکان گەیشتوونەتە لووتکە و ململانێکان ئاڵۆزتر بوون و هیچ چارەسەرێک بەدی ناکرێت. ئەم قۆناغە دەوڵەمەندە بە کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان، تانە و تەشەر، و ئەو جۆرە ئاخاوتنانەی کە تێیدا ململانێی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان ڕەنگ دەداتەوە.

3. قۆناغی کۆتایی (زنجیرەی ٢٤ و ٢٥) :ئەم دوو زنجیرەیەی کۆتایی وەک قۆناغی یەکلاکردنەوەی کێشەکان هەڵبژێردراون. لەم ئاستەدا گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە جۆری کردەقسەییەکاندا ڕوودەدات؛

لێرەدا زیاتر کردەی ( ڕاگەیاندن و بڕیاردان) دەبینرێت، چونکە کارەکتەرەکان دەگەنە خاڵی کۆتایی و بڕیارە چارەنووسسازەکان دەدەن کە واقیعی ژیانیان دەگۆڕێت.

ئەم شێوازە لە دابەشکاری ڕێگە بە توێژەر دەدات، کە بە شێوەیەکی زانستی چاودێریی پەرەسەندنی کردە زمانییەکان بکات لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بۆ ئەوەی زۆریی قەبارەی دراماکە کاریگەریی نەرێنی لەسەر کوالێتیی شیکردنەوەکە هەبێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەر پێنج زنجیرە هەڵبژێردراوەکە (١، ٢، ١٣، ٢٤، ٢٥) بە تەواوی و بە وردی لە ڕووی کردە قسەییەکانەوە شیکارییان بۆ کراوە. بەڵام بۆ ڕێگریکردن لە درێژدادڕی و پاراستنی پوختیی توێژینەوەکە، تەنها چەند نموونەیەکی نوێنەر بۆ هەر جۆرە کردەیەکی زمانی لە ناو دەقی ئەم توێژینەوەیەدا جێگیر کراون. تەواوی داتاکان و نموونە شیکراوەکانی تری ناو ئەم زنجیرانە، لە شێتێکی ئەکسێڵدا (Excel Sheet) بە وردی و بە جیا پۆلێن کراون؛ خوێنەر دەتوانێت لە ڕێگەی ئەو (بارکۆدQR Cod )ەی کە لە کۆتایی توێژینەوەکە و لە لیستی سەرچاوەکاندا دانراوە، دەستی بە تەواوی داتا و نموونە شیکراوەکان ڕابگات.

**زنجیرەی یەکەم:**

١- دەق: پێکەوە لە یەک قەبرتان دەنێم، لێت قبووڵ ناکەم!.

- نێرەر: حازم / وەرگر: شەونم (خوناو).
- کردەی وتە: ڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی پەیوەستبوون

لەم دەقەدا نێرەر (حازم) خۆی پابەند دەکات بە ئەنجامدانی کارێک لە داهاتوودا. ئەم وتەیە شێوەیەکی توندی هەڕەشەکردن وەرگرتووە، لێرەدا زمان وەک ئامرازێکی فشار بەکاردێت؛ حازم تەنها باس لە ڕووداوێکی داهاتوو ناکات، بەڵکو بەڵێنێکی توند (پەیماننامەیەکی سزادان) دەدات وەک پەرچەکردارێک بۆ ئەو خیانەتەی کە ڕوویداوە. مەبەستی سەرەکی لەم کردە زمانییە، ترساندنی وەرگر و نیشاندانی توندیی بڕیارەکەیەتی، کە تێیدا قسە و کردار دەبنە یەک بۆ گەیاندنی هەستی تۆڵەسەندنەوە.

٢- دەق: هەتا ئەتو خەمساردبی، ئەمە هەر لەوکەلاوەی دەبین!

- نێرەر: قەدریە / وەرگر: خاڵە عوبێد.
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی نواندن

ئەم دەقە لە ڕواڵەتدا وەسفی بارودۆخێکی ئێستا و پێشبینی دواڕۆژ دەکات (نواندن). نێرەر (قەدریە) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ فشار دەخاتە سەر وەرگر (خاڵە عوبەید) و هانی دەدات بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکەی. مەبەستی نێرەر لێرەدا تەنها گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو ناچارکردنی بەرانبەرە بۆ ئەوەی لە خەمساردی دەرچێت و هەڵوێستێکی جددی وەربگرێت بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان.

٣- دەق: دەتوانم پارەی دە مانگی لەسەر یەک وەربگرم؟ بەشکوم بتوانم پارەی عەمەلیاتەکەی پەیا بکەم.

- نێرەر: گەوهەر / وەرگر: دکتور فەرید.
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی ئاڕاستەکردن

نێرەر (گەوهەر) لێرەدا ستراتیژی داواکاریی سۆزداری پەیڕەو دەکات. وتەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە پرسیارە، بەڵام مەبەست لێی تکا و ڕازیکردنی وەرگرە بۆ ئەنجامدانی کارێکی ئیداری. نێرەر لێرەدا لایەنی مرۆیی (نەخۆشی و عەمەلیات) وەک پاڵنەر بەکاردێنێت تا کاریگەری لەسەر بڕیاری بەرامبەر دروست بکات و ڕەزامەندییەکەی بەدەستبهێنێت.

٤- دەق: هەر دەرۆزە مابوو.
- نێرەر: دایکی گەوهەر/ وەرگر: گەوهەر
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی هەست دەربڕین

نێرەر لێرەدا ستراتیژی (تەریقکردنەوە و لۆمەی توند) پەیڕەو دەکات. وتەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە وەک ئاماژەدانێکە بۆ قۆناغێکی کۆتایی، بەڵام لە ناوەڕۆکدا وەک سەرزەنشتێکی قورس کار دەکات. نێرەر بە بەکارهێنانی وشەی سواڵکردن دەیەوێت بە وەرگر بڵێت کە ئەو ڕێگایانەی گرتوویەتیە بەر بۆ چارەسەری کێشە داراییەکان، شکۆی خێزانەکەمانی گەیاندووەتە نزمترین ئاست. لێرەدا زمان وەک ئامرازێکی (برینداركردنی هەست) بەکاردێت بۆ نیشاندانی بێزاریی قووڵی نێرەر و دروستکردنی هەستی پەشیمانی لای وەرگر.

٥- دەق: ئەو دەرزیەم لێبدەی دەمرم.
- نێرەر: شەونم (خوناو)/ وەرگر: گەوهەر
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی پەیوەستبوون

نێرەر لێرەدا چارەنووس و داهاتووی خۆی بە مردن دەبەستێتەوە بە ئەنجامدانی کارەکە. مەبەستی ناڕاستەوخۆی وتەکە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بەرامبەر، تاکاردنێکی توند، و پاشگەزکردنەوەی گەوهەرە لە لێدانی دەرزییەکە بەهۆی مەترسییەکەیەوە.

٦- ئەو تەلەفۆنە چیٚ بوو؟
- نێرەر: ئەژین / وەرگر: فوئاد (زێرینگر)
- کردەی وتە: ناڕاسنەوخۆ
- جۆری کردە : ڕاگەیاندن

دەربڕینی تانە و گومان لەسەر ناسنامەی ئەو تەلەفۆنەی بۆ مێردەکەی هاتووە، بە مەبەستی چاودێریکردن و ئاشکراکردنی ڕاستی پەیوەندییەکە.

**زنجیرەی دووەم:**

١- دەق: (دکتۆرە بابتگەیەنم؟)
- نێرەر: مەمەش / وەرگر: گەوهەر.
- کردەی وتە: ڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی ئاراستەکردن



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەم دەقەدا نێرەر (مەمەش) پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ڕستەیەکی پرسیاریی سادە بۆ پێشنیارکردنی کارێک یان خزمەتگوزارییەک، کە ئەمەش بەشێکە لە کردەی ئاراستەکردن، چونکە دەیەوێت کارلێکێک لە لایەن وەرگرەوە (گەوهەر) دروست بکات. ئەم کردەیە بە ڕاستەوخۆ دادەنرێت، چونکە هیچ مەبەستێکی شاراوە یان دوو فاقییەکی تێدا نییە؛ نێرەرەکە ڕاستەوخۆ داوا دەکات بزانێت ئایا وەرگرەکە دەیەوێت بگەیەنرێت یان نا. لێرەدا شێوازی ڕستەکە (پرسیارە) و مەبەستەکەش هەر (وەرگرتنی وەڵامێکی ڕاستەوخۆیە) لەسەر پێشنیارەکە، بەبێ ئەوەی ئاماژە یان تانە و مەبەستی تری لەپشت بێت، ئەمەش وادەکات نموونەیەکی ڕوون بێت بۆ کردە وتەییە ڕاستەوخۆکان لە زمانی ئاساییدا.

٢- دەق: (خەللک بی، ئەتو لۆم ببینیەوە دەبی چ بیت! کچێ ئەتو قورەکت لۆ من گرتیتەوە.)

- نێرەر: گەوهەر/ وەرگر: شەونم(خوناو):
- کردەی قسە: ناڕاستەوخۆ.
- جۆری کردە: کردەی هەست دەربڕین

لەم دەقەدا گەوهەر پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی زمانێکی توند و پڕ لە نارەزایی بۆ دەربڕینی ئەو بارە دەروونییە ناخۆشەی کە تێیکەوتووە، بۆیە وەک جۆر جەخت لەسەر هەست دەربڕین دەکاتەوە. ئەم کردەیە بە ناڕاستەوخۆ دادەنرێت، چونکە گەوهەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی وەسفێکی مەجازی وەک (قورت لۆ من گرتیتەوە) (کە ئیدیۆمێکی کوردییە بۆ دروستکردنی کێشەیەکی گەورە)، مەبەستی ئەوەیە شەونم تۆمەتبار بکات و لۆمەی بکات لەسەر ئەو بارودۆخە. هەروەها دەربڕینی (حەللک بی) جۆرێکە لە نزا یان سکاڵای دەروونی کە نیشانەی بێزارییەکی قووڵە لە کردەوەکانی شەونم،

٣- دەق: (بابە ئەو دوعایەی مەکە، ئەو دوعایەی لە دوژمنیش مەکە.)

- نێرەر: عەدنان / وەرگر: باوکی.
- کردەی وتەیی ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی ئاراستەکردن

لەم دەقەدا عەدنان ڕستەیەکی داخوازی (فەرمان) بەکاردەهێنێت بۆ ڕێگر کردن لە باوکی، واتە عەدنان مەبەستە ڕاستەقینەکەی لێرەدا (تکا، ئامۆژگاری و نیشاندانی مەترسیی دوعاکەیە). ئەو لە ڕێگەی بەراوردکردنی دوعاکە بەوەی کە تەنانەت بۆ دوژمنیش نابێت، دەیەوێت قەبارەی ترسناکی و خراپیی ئەو نزا و دوعایە بۆ باوکی ڕوون بکاتەوە. لێرەدا مەبەستی عەدنان ئەوەیە باوکی پەشیمان بکاتەوە و ویژدانی بجوڵێنێت،، چونکە لە کۆنتێکستی خێزانی کوردیدا کوڕ فەرمان بە باوک ناکات، بەڵکو ئەم شێوازی دەربڕینە وەک پاڕانەوەیەکی توند بۆ پاراستنی باوکی لە هەڵە بەکاردێت.

٤- دەق: (ئای ئای عەدۆ، دەبینم بابت لە کەمالی هان دەدەی!)

- نێرەر: قەدریە (دایکی) / وەرگر: عەدنان.
- کردەی وتەیی ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی نواندن

لەم دەقەدا دایکی عەدنان بە ڕستەیەکی هەواڵی دەستپێدەکات و باس لە بینینی ڕەفتارێکی عەدنان دەکات، بەڵام مەبەستە ڕاستەقینەکەی (تۆمەتبارکردن و سەرزەنشتکردنە). ئەو دەیەوێت بە عەدنان بڵێت کە ئەو هۆکاری تێکدانی پەیوەندیی نێوان باوکی و کەماڵە و خەریکی ئاژاوەگێڕییە. بەکارهێنانی وشەی (ئای ئای) و ناوی بچووککراوەی (عەدۆ) لێرەدا بارستاییەکی پراگماتیکی هەیە بۆ نیشاندانی تانە و

تەشەر، کە تێیدایە دایکی دەیەوێت عەدنان شەرمەزار بکات لەوەی کە خەریکی هاندانی باوکیەتی دژی کەمال.

٥- دەق: (ئەمنیش یەخەی خۆم لێرە دادەڕم، با حەیات بچێ!)

- نێرەر: گەوهەر / وەرگر: فوئاد (زێرینگەر).
- کردەی وتەیی ناڕاستەوخۆ.
- جۆری کردە: کردەی پەیوەستبوون

چونکە گەوهەر تەنها باسی کردارێکی فیزیکی (دارِینی یەخە) ناکات، بەڵکو مەبەستە ڕاستەقینەکەی (هەڕەشەکردن و بەرپەرچدانەوەیە). ئەو دەزانێت کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا عەیاچوون و شەرەف بۆ زێرینگەرەکە وەک بازرگانێک زۆر گرنگە، بۆیە ئەم خاڵە لاوازە بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی ڕێگری لە زێرینگەرەکە بکات تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکات. لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، گەوهەر لێرەدا هێزی هەڕەشە بەکاردێنێت بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی خۆی، تاوەکو بەرانبەرەکەی ناچار بکات بێدەنگ بێت.

٦- دەق: دەزانی کاکە ئەو هەمووو هینان و بردنەی ناوێت، لێگەڕێ سەت دوکان هەیە.

- نێرەر: گەوهەر / وەرگر: فۆئاد (زێرینگەر)
- کردەی وتەیی ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی ڕاگەیاندن

ئەم وتەیە وەک کردەی ڕاگەیاندن هەژمار دەکرێت، چونکە نێرەر (گەوهەر) لێرەدا تەنها قسە ناکات، بەڵکو بڕیار دەدات. بە گوتنی ئەم ڕستەیە و جێهێشتنی دوکانەکە، واقیعی مامەڵەکە لە هەوڵدان بۆ کڕین گۆڕا بۆ کۆتاییهێنان و هەڵوەشاندنەوە. لێرەدا قسە و کردار (ڕۆیشتنەکە) پێکەوە دۆخێکی نوێیان دروستکرد کە ئەویش بڕانەوەی پەیوەندییە لەگەڵ زێرینگەرەکە.

**زنجیرەی سێزدە:**

١- دەق: ئەمن حازمم دەوێت، حازم لۆ بیینەوە، حازم

- نێرەر: کەمال / وەرگر: ڕەشۆ
- .کردەی وتە: ڕاستەوخۆ
- حۆری کردە: کردەی ئاراستەکردن

نێرەر (کەمال) ستراتیژیی (فەرمانی براوە و جەختکردنەوە) پەیڕەو دەکات. دووبارەکردنەوەی ناوی (حازم) و بەکارهێنانی فۆرمی داخوازی توند (بێنەوە)، نیشانەی سەپاندنی دەسەڵاتی نێرەرە بەسەر وەرگردا. نێرەر هیچ بژاردەیەک بۆ وەرگر ناهێڵێتەوە و زمان وەک ئامرازێکی ناچارکردنی ڕەها بەکاردێنێت.

٢- دەق: ئەتو هێشتا بەو پیاوەی دەری بابە؟

- نێرەر: کانی / وەرگر: گەوهەر
- .کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ

- جۆری کردە: کردەی نواندن

هەرچەندە فۆرمەکەی پرسیارە، بەڵام مەبەستی ڕاستەقینە گلەیی و ڕەخنەگرتنە لە گەوهەر؛ نێرەر دەیەوێت بڵێت نابێت چیتر متمانەی پێ بکەیت.

٣- دەق: ڕەشۆ بێدەنگ دەبی یان نا؟ ئەگەر نا مستەکت لە دوور دەوی دەدەم، دەوت پڕ خین دەکەم، تێگەیشتی یان نا؟

- نێرەر: کەمال / وەرگر: ڕەشۆ
- .کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی ئاڕاستەکردن

نێرەر لێرەدا فۆرمی پرسیار بەکاردێنێت، بەڵام مەبەستی ڕاستەقینەی وەرگرتنی زانیاری نییە، بەڵکو فەرمانێکی توندە بۆ بێدەنگکردنی وەرگر.

٤- دەق: باب هەر بابە خوشکم، یەعنی ئەتو پێتوایە ئەگەر ئەو لەگەڵمان بایە ئەمە وەزعمان ئەوها دەبوو، تەماشای خۆمان مەکە بەبێدەنگی شتەک هەبێ پێکەوە دەیخۆین دادەنیشین باب لۆماری پشت و پەنایە لۆ مندارەکانی هێزە ئەوەی باب دەکات کەس ناکات بەبێدەنگی خەم لە مندارەکانی خۆی دەخوات، بەبێدەنگی پیردەبێ.

- نێرەر: گەوهەر / وەرگر: کانی
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری
- کردە: هەستدەربڕین

مەبەستی نێرەر داکۆکیکردن، هێنانەوەی بەڵگە و بەرزڕاگرتنی پێگەی باوک: گەوهەر لێرەدا وەک وەڵامێک بۆ کانی، هەوڵدەدات پاساو بۆ مانای باوکایەتی بهێنێتەوە و بەرگری لە پێگەی باوکیان بکات سەرڕای ئەوەی بەجێی هێشتوون. مەبەستی ئەوەیە خوشکەکەی قەناعەت پێبکات کە بوونی باوک گرنگی و قورساییەکی گەورەی هەیە لای منداڵ (پشت و پەنا و هێزە)، و ئەگەر ئەو باوکە لە ژیانیاندا بووایە ئێستا ڕەوشی دارایی یان کۆمەڵایەتییان زۆر باشتر دەبوو. ئەو دەیەوێت لایەنی قوربانیدان و خەمخۆریی بێدەنگی باوک نیشان بدات تا ڕقی کانی کەم بکاتەوە.

٥- دەق: ئەتو هێشتا بەو پیاوەی دەریت بابە

- نێرەر: کانی / وەرگر: گەوهەر
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: ڕاگەیاندن

نێرەر لێرەدا وەک کاردانەوەیەک بۆ قسەکەی گەوهەر (کە باسی باوکیان دەکات کە بەجێی هێشتوون)، سەرسوڕمان و نارەزایەتیی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بەوەی کە گەوهەر هێشتا سۆز یان ڕێزی بۆ ئەو باوکە ماوە؛ مەبەستی ئەوەیە کچەکە لۆمە بکات و پێی بڵێت کە ئەو پیاوە شایەنی ئەوە نییە پێی بگوترێت (بابە) چونکە پشتی تێکردوون و بەجێی هێشتوون.

٦- دەق: ڕاستییەکەم پێ برێ، ئەمنیش لەبەرامبەر نهێنییەکی گەورەت پێ دەرێم.
- نێرەر: دکتۆر فەرید/ وەرگر: گەوهەر
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: پەیوەستبوون

نێرەر لێرەدا بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ بەڵێنی ئاشکراکردنی نهێنییەک دەدات لە داهاتوودا، بۆ ئەوەی وەک کارتێکی گوشار یان هاندان بەکاریبهێنێت تاوەکو وەرگر (گەوهەر) ناچار بکات ڕاستییەکەی پێ بڵێت..

**زنجیرەی بیست و چوار:**

١- دەق: بڕۆ دەرێ، حازم
- نێرەر: گەوهەر / وەرگر: حازم
- کردەی وتە: ڕاستەوخۆ

ئەمە کورتترین و براوەترین جۆری فەرمانە. نێرەر (گەوهەر) چیتر قبووڵی وەرگر (حازم)، بۆیە ڕاستەوخۆ و بە شێوازی فەرمانی داوای چوونە دەرەوەی لێ دەکات.

٢- دەق: ئەوکاتی ئیشت بەمن بوو بە بابمت دەوت شێخ.
- نێرەر: سۆزان / وەرگر: دەوەن
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی نواندن

مەبەستی ڕاستەقینەی سۆزان لێرەدا ڕیسواکردن و ئاشکراکردنی دووڕوویی و بەرژەوەندخوازیی دەوەنە لەبەردەم حازمدا.

٣- دەق: کۆڕم، بەو شەوە درەنگە بۆ کوێ دەچیت؟
- نێرەر: خاڵە عوبێد / وەرگر: عەدنان
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی ئاڕاستەکردن

نێرەر پرسیار وەك ڕێگریکردن بەکاردەهێنێت، مەبەستی ئەوەیە بڵێت مەچۆ، چونکە کاتەکە گونجاو نییە.

٤- دەق: هەر یەک لەوانە کەماڵەکیان لەماڕێ هەیە هەشیانە لەگەر کەماڵەکی لێیان قەومایە.
- نێرەر: ژنێك لە (بەندینخانە)/ وەرگر: قەدریە
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: ڕاگەیاندن

ژنە زیندانییەکە بەبێ ترس وەڵامی قەدریە دەداتەوە. مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە پۆز و پێگەی قەدریە و کوڕەکەی (کەمال) بخاتە زەوی و پێی بڵێت کە لێرە لە ناو زینداندا هەمووان وەک یەکن و ناوی (کەمال) یان نفووزی دەرەوە چاوترسێنیان ناکات؛ تەنانەت بە تانە و تەشەرەوە پێی دەڵێت کە زۆربەی ئەوانەی لێرەن، هەر بەهۆی کەسانی وەک (کەمال)ەوە تووشی کێشە و ماڵوێرانی بوون و لێیان قەوماوە، بۆیە باشترە لێبوردوویی و فیز بەسەر کەسدا لێنەدا.

٥- دەق: ها کەمال، خێرە لێرەی؟ دیمانەت بەخێر.

- نێرەر: دکتۆر فەرید / وەرگر: کەمال
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: هەست دەربڕین

نێرەر لێرەدا پرسیار بۆ وەرگرتنی زانیاری ناکات، بەڵکو بە ناڕاستەوخۆ بارودۆخی دەروونی خۆی دەردەبڕێت. بە بەکارهێنانی دەستەواژەی (دیمانەت بە خەیر) هاوکات لەگەڵ نیشاندانی سەرسوڕمان لە بینینی کەماڵ، زمانێکی تەوساوی (تەور و گاڵتەجاری) بەکاردەهێنێت بۆ کەمکردنەوە و سووکایەتیکردن بە ئامادەبوونی کەماڵ لەو شوێنەدا.

٦- دەق: دوو ڕێگەت لە پێشە یان دەبێ ئەو شەو بڕۆی یان دەبێ پۆلیس دەستگیرت بکات.

- نێرەر: سۆزان/ وەرگر: دەوەن
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: پەیوەستبوون

نێرەر لێرەدا بە ناڕاستەوخۆ بەڵێن دەدات کە لە داهاتوودا شوێنی حەشارگەی وەرگر بۆ پۆلیس ئاشکرا بکات، بە مەبەستی ناچارکردنی بۆ قبووڵکردنی داواکارییەکەی.

**زنجیرەی بیست و پێنج:**

١- دەق: بڕۆن دانیشن

- نێرەر: دەوەن / وەرگر: خوشکەکانی گەوهەر و ئەژین
- کردەی وتە: ڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی ئاراستەکردن

نێرەر (دەوەن) لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا بە بەکارهێنانی کرداری فەرمان داوا لە خوشکەکانی گەوهەر و ئەژین دەکات بڕۆن لە شوێنی خۆیان دابنیشن.

٢- دەق: کاکە تکایە، موشکیلەی خەڵکی مەهێنە ماڵی مە، ئەمن حەقمان بە شەونمی نییە

- نێرەر: گەوهەر / وەرگر: دەوەن
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی ئاڕاستەکردن

گەوهەر لێرەدا فۆرمی (تکاکردن) وەک دەمامکێک بۆ (ئاگادارکردنەوەیەکی توند) بەکاردێنێت. مەبەستی سەرەکی تەنیا داواکارییەکی سادە نییە، بەڵکو (بەرپەرچدانەوە و سنووردانانە) بۆ ڕەفتارەکانی دەوەن. بەکارهێنانی وشەی تکایە، لێرەدا بۆ نەرمکردنەوەی فەرمانەکە نییە، بەڵکو بۆ نیشاندانی ئەوپەڕی بێزاری و کۆتاییهێنانە بەو کێشانەی کە سەقامگیری خێزانەکەیان دەخاتە مەترسییەوە.

٣- دەق:<u>دیسان شەونم</u>

- نێرەر: کانی/ وەرگر: دەوەن
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: کردەی هەستدەربڕین

نێرەر (کانی) بەم دەستەواژە کورتە، هەستی بێزاری دەردەبڕێت بەرامبەر دووبارەبوونەوەی ناوی شەونم و کێشەکانی.

٤- دەق: <u>ئەو ماڵە شوومە! سوبحانەڵڵا، هەر کەسێک پێ دەنێتە ناو ئەو ماڵەی، هیچ ڕوحمێک لە دڵیدا نامێنێ.</u>

- نێرەر: عەدنان/ وەرگر: شەونم(خوناو)

- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ

- جۆری کردە: کردەی نواندن

نێرەر (عەدنان) لێرەدا تەنیا وەسفی ماڵەکە ناکات، بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تانە و ڕەخنە لە ڕەفتاری دانیشتووانی ماڵەکە دەگرێت و بێبەزەییبوونیان دەخاتە ڕوو.

٥- دەق: <u>ڕاوەستە! دەزانی هاتییە ماڵی کێ؟ ئێرە ماڵی هاوئەخلاقێکی تۆیە، ماڵی قوربانییەکییە.</u>

- نێرەر: عەدنان / وەرگر: حازم
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: ڕاگەیاندن

نێرەر لێرەدا بە فۆڕمی پرسیار، ڕاستییەکی تاڵ دەچەسپێنێت؛ ئەو خەریکی سەرکۆنەکردنی حازمە و دەیەوێت تاوانەکانی بیر بخاتەوە.

٦- دەق: <u>دەچی یان بیانکوژم.</u>

- نێرەر: دەوەن / وەرگر: گەوهەر
- کردەی وتە: ناڕاستەوخۆ
- جۆری کردە: پەیوەستبوون

نێرەر لێرەدا بە ڕواڵەت پرسیارێکی کورت دەکات، بەڵام مەبەستی ناڕاستەوخۆی، بەڵێندانی توندە بە ئەنجامدانی تاوانی کوشتن لە داهاتوودا ئەگەر وەرگر (گەوهەر) مەرجی ڕۆیشتنەکە جێبەجێ نەکات.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

## ئەنجام

١. توێژینەوەکە دەیسەلمێنێت، کە درامای (گەوهەر و خوشکەکانی)دا تەنها ئامرازی گێڕانەوەی چیرۆک نییە، بەڵکو زمان خۆی کردارە. وشەکان لە ئاستی گوتن (Locution) دەردەچن و دەبنە ئامرازی گۆڕینی واقیع لە ڕێگەی هەڕەشە، بەڵێن و بڕیارەوە.

٢. دەرکەوتووە کە کارەکتەرە کوردەکان لە کاتی ململانێ خێزانییەکاندا، زیاتر پەنا دەبەنە بەر (کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان). ئەمەش وەک ستراتیژییەکی (ڕێزگرتن یان پاراستنی شکۆ) بەکاردێت بۆ گەیاندنی پەیامە توندەکان بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ.

٣. توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە واتای کردە قسەییەکان لە دراماکەدا تەنها لە فەرهەنگی وشەکاندا نییە، بەڵکو دەوروبەر (Context) و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کارەکتەرەکانە کە دیاری دەکات ئایا ڕستەیەک (هەواڵدانە) یان (هەڕەشە و تانە لێدان).

٤. دەرکەوت، کە جۆری کردە قسەییەکان لەگەڵ گەشەکردنی دراماکە دەگۆڕێن؛ لە سەرەتادا زیاتر کردەی (نواندن و ناساندن) ن، بەڵام لە قۆناغی گرێ و ناوەڕاستدا دەبنە کردەی (ئاراستەکردن و ململانێ)، و لە کۆتاییشدا دەبنە کردەی (ڕاگەیاندن و بڕیاردان).

٥. توێژینەوەکە دەریخست کە (سوێندخواردن و نزا) لە درامای کوردیدا تەنها دەربڕینی سۆزداری نین، بەڵکو کردەی قسەیی (پەیوەستبوون)ن ،کە کارەکتەر پابەند دەکەن بە ئەنجامدانی کارێک لە داهاتوودا و کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیە.

٦. توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی، کە لە ململانێی نێوان کارەکتەرە نێر و مێیەکاندا، کردەی ئاراستەکردن (فەرمان و هەڕەشە) وەک ئامرازێکی زمانەوانی بۆ نیشاندانی باڵادەستیی ڕەگەزی یان دەسەڵاتی دارایی بەکارهاتووە.

٧. توێژینەوەکە دەریخست، کە زۆربەی دیالۆگەکاندا کارەکتەرەکان لە ڕێگەی قسەکانیانەوە هەوڵ دەدەن واقیعی دەوروبەریان بگۆڕن و بینای بکەنەوە، نەک تەنها وەسفی بکەن.

**٨.** یەکێک لە ئەنجامە گرنگەکان بریتییە کە ڕێسا پراگماتیکییەکانی جۆن سێرل، وەک سیستمێکی لۆژیکی، تەنها لە چوارچێوەی زمانە ڕۆژئاواییەکاندا قەتیس نابن؛ بەڵکو توانایەکی بەرزیان هەیە بۆ پۆلێنکردنی مەبەستە ئاڵۆزەکانی ناو زمانی کوردی. ئەم تیۆرییە توانی بە سەرکەوتوویی ئیدیۆم و دەربڕینە کلتوورییەکانی تاکی کورد ڕاڤە بکات و هێزی مەبەستی پشت وشەکان لە ناو ململانێیە کۆمەڵایەتییەکاندا

## لیستی سەرچاوەکان


١. لە ڕێگەی سکانی ئەو بارکۆدەوە یاخود ئەم لینکەی خوارەوە سەیری شیکردنەوەی تەواوی زنجیرەکانی (١، ٢، ١٣، ٢٤،٢٥) درامای گەوهەر و خوشکەکانی بکە.
https://drive.google.com/drive/folders/1l8SUA3negBlC0xWXLtjabBWL6TyIqr4u?usp=sharing

٢. ئەحمەد، تریفە عومەر(٢٠٠٨)، مەبەستی پڕاگماتیکی لە وتاردا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣. سەعید، یوسف شریف، عەساف، هیوا ئەحمەد(٢٠٢٣)، ڕۆڵی کردە قسەییەکان لە ڕازیکردندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ:١ ب:١٠.

٤. قەرەداغی، محەمەد مەحموود. (٢٠١٠).زمان و کۆمەڵگە: لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە .سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

٥. عمر، شوان نجم الدین(٢٠١٣)، دەوروبەر ڕۆڵی لە ڕوونکردنەوەی واتای شیعردا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

٦. مستەفا، پەروین عوسمان(٢٠١٩)، شیکردنەوەی کردەقسەییەکان لەگفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا لەڕووی ڕەگەزەوە، بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

٧. محمود، ئاڤێستا کمال(٢٠٠٩)، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٨. البجاري، مازن غانم. (٢٠١١) .نظرية أفعال الكلام: دراسة في اللسانيات والبراغماتية .عمان: دار اليازوري العلمية.

٩. المتوكل، أحمد. (١٩٨٥) .الوظائف التداولية في اللغة العربية .الدار البيضاء: دار الثقافة

١٠. عزیز، سوزان رضا(٢٠١٤)، الافعال الكلامية التوجيهية واالتعبيرية فى القصص الفرأنى، رسالة دكتوراه، جامعة كويسنجق.

11. Aristotle. (1996). Poetics. Translated by M. Heath. London: Penguin Books.

12. Austin, John Langshaw. (1962). How to Do Things with Words. Oxford: Oxford University Press.

13. Brown, Penelope. and Levinson, Stephen C. (1987). Politeness: Some Universals in Language Usage. Cambridge: Cambridge University Press.

14. Elam, Keir. (1980). The Semiotics of Theatre and Drama. London: Methuen.

15. Halliday, Michael Alexander Kirkwood. (1973). Explorations in the Functions of Language. London: Edward Arnold.

16. Mey, Jacob Louis. (2001). Pragmatics: An Introduction. 2nd edn. Oxford: Blackwell.

17. Pratt, Mary Louise. (1977). Toward a Speech Act Theory of Literary Discourse. Bloomington: Indiana University Press.

18. Searle, John Rogers. (1969). Speech Acts: An Essay in the Philosophy of Language. Cambridge: Cambridge University Press.

19. Searle, John Rogers. (1975). 'Indirect speech acts', in Cole, P. and Morgan, J. L. (eds.) Syntax and Semantics, Vol. 3: Speech Acts. New York: Academic Press.

20. Searle, John Rogers. (1979). Expression and Meaning: Studies in the Theory of Speech Acts. Cambridge: Cambridge University Press.

21. Serpieri, Alessandro. (1978). 'Towards a segmentation of the dramatic text', Poetics Today, 2(3), pp. 163–200.

22. Yule, George. (1996). Pragmatics. Oxford: Oxford University Press.

List of sources

1. Scan the barcode or watch the full analysis of the series (1, 2, 13, 24, 25) of the drama Gawar and its sisters.
https://drive.google.com/drive/folders/1l8SUA3negBlC0xWXLtjabBWL6TyIqr4u?usp=sharing

2. Ahmad, Trifa Omar (2008), Pragmatic Purpose in Speech, Master's Thesis, Department of Kurdish Language, College of Language, Sulaimani University.
3. Saeed, Yousef Sharif, Asaf, Hiwa Ahmad (2023), The Role of Verbal Actions in Persuasion, Garmian University Journal, No. 1 B:
4. Karadaghi, Mohammed Mahmoud. (2010). Language and society: A sociolinguistic study. Sulaimani: Ranj Printing House.
5. Omar, Shuan Najmuddin (2013), The Role of Environment in Explaining the Meaning of Poetry, Master's Thesis, Department of Kurdish Language, College of Language, Salahaddin University.
6. Mustafa, Parwin Osman (2019), Analysis of speech acts in Kurdistan parliamentary debates in terms of gender, Department of Kurdish Language, Faculty of Arts, Soran University.
7. Mahmoud, Avesta Kamal (2009), Pragmatics of Question and Command Sentences in Kurdish, Ranj Printing House, Sulaimani.

8. Al-Bajari, Mazen Ghanim. (2011). Theory of speech acts: a study in linguistics and pragmatics. Oman: Dar Al-Yazouri Scientific.
9. Al-Mutawakkil, Ahmad. (1985). الوظائف التداولية في اللغة العربية. Al-Dar Al-Bayda: Dar Al-Thaqafa
10. Aziz, Susan Reza (2014), Directional and Expressive Verbal Functions in Farrani Stories, Doctoral Thesis, Kuysinjiq University.

1. Aristotle. (1996). Poetics. Translated by M. Heath. London: Penguin Books.
2. Austin, John Langshaw. (1962). How to Do Things with Words. Oxford: Oxford University Press.
3. Brown, Penelope. and Levinson, Stephen C. (1987). Politeness: Some Universals in Language Usage. Cambridge: Cambridge University Press.
4. Elam, Keir. (1980). The Semiotics of Theatre and Drama. London: Methuen.
5. Halliday, Michael Alexander Kirkwood. (1973). Explorations in the Functions of Language. London: Edward Arnold.

6. Mey, Jacob Louis. (2001). Pragmatics: An Introduction. 2nd edn. Oxford: Blackwell.
7. Pratt, Mary Louise. (1977). Toward a Speech Act Theory of Literary Discourse. Bloomington: Indiana University Press.
8. Searle, John Rogers. (1969). Speech Acts: An Essay in the Philosophy of Language. Cambridge: Cambridge University Press.
9. Searle, John Rogers. (1975). ‘Indirect speech acts’, in Cole, P. and Morgan, J. L. (eds.) Syntax and Semantics, Vol. 3: Speech Acts. New York: Academic Press.
10. Searle, John Rogers. (1979). Expression and Meaning: Studies in the Theory of Speech Acts. Cambridge: Cambridge University Press.
11. Serpieri, Alessandro. (1978). ‘Towards a segmentation of the dramatic text’, Poetics Today, 2(3), pp. 163–200.
12. Yule, George. (1996). Pragmatics. Oxford: Oxford University Press.